السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# به لای هەندێک منداڵدا تێپەڕی وسەلامی لێیان کرد، ووتی: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەمە ئەنجامدەدا

له ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- : «به لای هەندێک منداڵدا تێپەڕی وسەلامی لێیان کرد، ووتی: «پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەمە ئەنجامدەدا»
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

فەرموودەکە ئامۆژگاریکردنی تێدایە بە سادە بوون وسەلام کردن لە خەڵکی، وئەمیش سادە بوونی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەردەخات، وسەلامی لە منداڵەکان دەکرد کاتێک بە لایاندا تێپەڕ دەبوو، وهاوەڵانیش وەکو ئەو کردەوەیان دەکرد -ڕەزای خوایان لێبێت-، وله نێویانیشدا ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- کاتێک بە لای منداڵەکاندا تێپەڕ بووایە سەلامی لێدەکردن، کاتێک بەرەو بازاڕ دەچوو وئەوان یاریان بکردایە سەلامی لێدەکردن ودەیووت: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەمەی ئەنجامدەدا، واتا سەلامی لە منداڵان دەکرد، وئەمیش لە نیشانەی سادە بوون وڕەوشت جوانیە، وپەروەردە وفێرکردن وڕێنموێنی کردنە لەسەر ڕەوشتی سەلامکردن، وبۆ ڕێزگرتن وڕاکێشانی دڵی منداڵانە ئەگەر لەم تەمەنەدا هەست بکەن گرنگیان پێدەدرێت لە لایەنی کەسانی دیندار وچاکەوە ئەوا زیاتر ئاینەکەیان خۆشدەوێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5659

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee